# وەلامێک بۆ پەیامەکەی بارزانی

لە پێنـــــاوی دایەلـــــۆگێکی عەقلانیـــــی و دیمۆکراســـــی و بەرژەوەنـــــدی باڵای نەتەوەییدا

## دکتۆر کەماڵ میراودەلی

دەربارەی : پێکسازیی ( تەوافوق ) وشە ، چەمک ، تیۆریی و سسیتم

بەشی شەشەم /

(١)

شتێک دەربارەی زمان

میللەتـــی لە رەگـــدابراو، بێبـــاک لە هەبـــوونی هەوێتیـــی و کەســـێتیی و خـــۆیی بـــوون، هەمیشـــە میللەتێکـــی (خـــۆ) بە کەمـــزانە و (ئەوی دی) بە شـــتتر و شـــیاوترو بـــالاتر دەزانـــێ، بەردەوام بە فرامۆشـــکردنی ئەوەی هەیەتـــی خـــۆی رووتتـــر دەکـــاتەوەو بـــۆ پۆشـــاکی ئەوی دی دەروانێـــت، بۆشـــایی زانســـتیی و واریـــی خـــۆی بە وەرگرتنـــی ناشـــییانە پـــڕ دەکـــاتەوە: وەردەگـــرێ و دەدۆڕێنـــێ، لە دەرەوە دێنـــێ و لە نـــاوەوە دەرووخێنـــێ: ئەمە بـــۆ ســـەوزەو میـــوەو، ماســـت و پەنیـــرو، جلـــوبەرگ و کـــالا وشـــمەک و بـــۆ بیـــرو بـــۆ تەکنۆلـــۆجی و بـــۆ وەرگرتنـــی وشـــەو زاراوەش، هەمـــووی بە بـــێ نەخشـــەو پـــلان، بە بـــێ زانـــین و فەرهەنـــگ و ڕێزمان، بۆتە پراوەی باوو، نەریتی چەسپاو.

لەو وشـــانەی جـــاهیلانە وەرگیـــراون و جـــاهیلانەتر بەکـــاردێن وشـــەی (تەوافـــوق)ی عەرەبیـــیە. لەم دوایـــیەدا دیـــارە هەوڵێـــک دراوە وشـــەیەکی کـــوردیی بەرامـــبەری بـــۆ بـــدۆزرێتەوە، هەنـــدێ 'ســـازان' بەکـــاردێنن، بەلام هێشـــتا دوای ٢٢ ســـاڵ دەســـەلاتی حیزبیـــی

بەربەریی هەروەک چاوگەدەسەلاتێکی دەستووریی، یاسایی، زانستیی، سیاسیی، دیمۆکراتی، ئەکادیمیی هتد نییە، چاوگە دەسەلاتیکی زمانەوانیش نییە کە بەردەوام بە پێی ڕێکارو ستانداردی زانستیی و لە ڕێگەی دەستەیەکی هەرەشارەزاو تەرخانی زمانەوە ئەو وشە تازانە بخاتە ناو فەرهەنگێکی نەتەوەەیی ستانداردی زمانەکەمانەوە و ڕێنمایی و چاودێریی بەکارهێنانیشیان بکات. لەوەشدا هەر کەسە بۆ خۆیەتی و کەس کەس ناخوێنێتەوە.

ئەوە ڕاستییە کە زمانەکەمان نەک هەر هیندۆئەوروپایی یە بەلکو بە ڕەگ و ڕەگەز، بە بنەچەو بنکار، سانسکریتی و سۆمەریی و ئاڤێستایی یە، جیاوازییەکە لەگەڵ عارەبی لە سامیی بوونی عارەبی دایە، ئەوە بێگومان مانای وەرنەگرتن لە عارەبیی نییە، زمان تەنیا بنەو ڕەگ نییە، چاندو گەشەو بلاوبوونەوەو تێکەلاوبوونیشە. مێژووی هاوبەشی ئایینی و جوگرافیی و کەلتووریمان لەگەل گەلانی عەرەب زمانەکەمانی لە زۆر ڕووەوە دەولەمەند کردووە، پرۆسەی سروشتیی زمان خۆی یاسای وەرگرتن و گونجاندن و تەنانەت تواندنەوەشی واتە کوردناندنی تەواوی بەسەر سەدان وشەی بیانییدا چەسپاندووە. ئەمە یاسایەکی تایبەت بە ئێمە نییە، یاسایەکی زمانەوانیی گەردوونیی باوە. بەلام لەو ٢٢ سالەی دەسەلاتی جەهالەتی کوردییدا، زمان، زانین، وار، زانست، سیاسەت، ئەخلاق، ئابووریی، کەلتوور، هتد هەر هەمووی لە گرێژەنە چووە. هەرچی پێی بلێی بنسازیی و سروشتسازیی وکۆمەلسازیی دیاردەو چالاکیی کۆمەلایەتی و ئەندێشەیی و کەلتوورییە داوەشێندراوە.

(٢)

تەوافوق - عەرەبیی

عەرەب [تەوافوق] ی بەو مانایەی ئێستا بەکاریدێنێت وەک زمانگۆڕیی یان تەرجەمەی
consensus

[کۆنسینسس] ی ئینگلیزی یان بابلێین ئەورووپایی-لاتینی وەریانگرتووە.

تەوافوق شێوەی [تەفاعول] ی وشەکانی وافق، وفاق و توفیق – ن بە مانای رازیبوون و رێکەوتن و پێکەوەگونجان. تەوافوق: یانی هاورێکەوتن، پێکەوە رێکەوتن دەگەیەنێت.

کۆنسینسس – ی لاتینیی

بەڵام ئێمە باشترو ئاسانتر کوردییە بەرامبەرەکەیمان دەستدەکەوێت گەر لە مانای بنەچەیی وشە لاتینییەکە بگەین.
وشە لاتینییەکە وشەی
*Consensus*
- ە بە مانای هاوهەستبوون، رێککەوتن، هاورا بوون.
وەک دەردەکەوێت وشەکە ئاماژە بۆ رێکەوتنی کۆمەلەکەسێک لە ناو خۆیاندا دەکات. هاورەگی وشەی (کۆنسێنت) ە:
consent

- کە ئەمەیان رازیبوونی کەسێک دەگەیەنێت: کە تۆ (کۆنسێنت) ت کرد واتە تۆ رازیبووی شتێک بکرێت کە پێوەندی بە تۆ و رای تۆوە هەیە.

واتە گەر (کۆنسێنت) رازیبوونی یەک کەس یان زیاتر بێت لە سەر شتێک ئەوا (کۆن – سێنسس) هەمیشە رازیبوونی کۆمەلە کەسێکە یان زۆربە لە ناو کۆمەلە کەسێکدا. بۆیە ماناکەی لە ئینگلیزیدا بە (رێکەوتنی گشتی ) لێکدەدرێتەوە. General agreement

لە فەرهەنگیئەلفا (ئەلفادیکشینەری) دا هاتووە:
کۆنسێنسس شێوەی گەردانی تەواوکەری کرداری لاتینی (کۆنسینتار) ە
ە کە دروست بووە لە: Consentire

کۆن: بەمانای لەگەڵ، پێکەوە
سێنتار: بەمانای هەستدەکات

هەروەها رەگی وشەکە بۆ رەگی نۆبەرە-هیندوئەورووپایی دەگێرێتە
وە کە وشەکانی ئیئنگلیزی
send ،stand
یان لێوەرگیراون. بە مانای هەستان و ، ناردن، یان
sense , sentiment,
بە مانای هەست، مانا، هەستیاریی لەو رەگە هیندۆئەروپاییە سەرەتاییە وەرگیراون
http://www.alphadictionary.com/goodword/word/consensus

ئەو رەگە هیندۆئەورووپاییەش چییە گەر وشەکانی کوردی:

[هەست، هەستان، ئیست، وەستان، راوەستان] نەبێت!

دارِشتەیی وشەکەش هاو-وشەی دارِشتنە کوردییەکەیە لە شێوەو مانادا:

کۆن: کۆ، هاو
سێنس: هەست، هەڵوێست، هەستان
کەواتە: کۆنسێنس: کۆهەستیی، کۆهەڵوێستیی، هاوهەستیی، هاوهەڵوێستیی، پێکەوە هەستان و وەستانە!

ئایا لەم مانا خۆماڵییە رەسەنەوە بۆ مانای زاراوەیی و سیاسیی نوێی وشەکە بچین یان جاهیلانە تەوافوق یان کۆنسێنس وەرگرین بە بێ ئەوەی وەک هەزاران شتی تر ئەوە ساغ بکەینەوە: داخۆ ئەوە کەرەسەی رەسەنیی خۆمان نییە خەلک وەری گرتووەو مشت و مالی کردووەو بەسوال و سەدەقە لێیان وەردەگرینەوە. یان وەک کورد زیرەکانەتر دەڵێ: رۆنی خۆمان نییە لە سەری خۆمانی دەدەنەوە!

زمانی کوردیی ئێمە یەکجار دەوڵەمەندو خاوەن ئامرازو کارسازی زمانییە. ئێمە دوو وشەی (کۆ) و (هاو) مان هەن کە زیاتر وەک پێشگر بەکاردێن. راستیی لەکاتێکدا (کۆ) بە ئاسایی وەک وشەیەکی سەربەخۆش بەکاردێت، (هاو) بە دەگمەنیش نەمبینیوە

به شـێوەی سـەربەخۆ بەکـار بێـت ، لە کاتێکـا وەک (کـۆ) هـێچ هـۆیەک نیـیە کە[هـاو] سـەربەخۆ بە مانـای بەشـداریی و خـاوەنبوون و لەگەڵبـوون و پـێکەوە بەکـار نەیەت، وەک چـۆن کـۆ بەمانـای کـۆمەڵ و بەکۆمەڵ بوون و کۆکردنەوە بەکاردێت.

هاورێ: لەگەڵدابوون لە رێدا
هاورا: بەشداربوون لە بیرو رادا
هاوئەرک: بەشدار لە ئەرکدا
هاوتەمەن: خاوەنی تەمەنی وەک یەک
هاوسەفەر بوون: پێکەوە بوون لە سەفەردا

گەر مانـای زاراوەیـی وشـەی ( کۆنسێنسـس) وەرگـرین کە بـریتییە لە رێکەوتنـی گشـتی ( کـۆمەڵە کەسـێک) ئەوا بـۆ کـوردییەکە دەتـوانین پێشگری کۆ یان هاو بەکار بەرین. واتە بڵێین:

هاورایی، کۆرایی
یان: هاورێکیی: واتە رێکیی هاوبەش یان رێکەوتنی هاوبەش

لەلایەکـی تریشـەوە سـتراتیجێکی تـر بـۆ ناسـاندنی هەر وشـەیەک بەراورد کردنییەتی لەگەڵ پێچەوانەکەی واتە عەکسەکەی:
پێچەوانەی کۆنسێنسس وشەی کۆنفلیکت – ە
Conflict

کۆنفلیکـت بەمانـای نـا-کـۆکی، نـا پێکەوەبـوون، ناتەبـایی، بەربەرەکـانی، ململانـێ دێـت کەبە عەرەبـی وەک دژەمانـای وشـەی (تەوافوق) دەبێت بە (تەصاروع)
کـۆن:وەک وشـەکەی پێشـوو هاوتـایە لە گەڵ کـۆ- یـان هـاو-ی کوردییدا بە مانای پێکەوە
فلیکتوس ئەسلەکەی
*ی لاتینـی یە. کە بە مانـای لێیـدەدا، زەبـری لێـدەدا بەکاردێـت.*
*واتە کۆن + فلیگێر configer*
بەس (گ) ی فلـیگە بە (ق) بخـوێنەوە دەبێـتە: فلـیقە، فلیقانـدنی کوردیی کە فەلاقەش [لیدان] هەر لەو رەگەن

کەواتە کۆنفلیکتی ئینگلیزی- ئەوروپایی- لاتینی بە مانای کۆ- فلیقاندنەوە یان فەلاقەکردنی یان پچراندنی بنەماو بەندەکانی کۆکیی و پێکەوە بوون دێت بە پێچەوانەی کۆهەستی و هاوراییی و هاودەنگیی.

گەر بۆ وشەی کۆنفلیکت ناتەبایی یان ناکۆکیی وەرگرین ئەوا بۆ وشە پێچەوانەکەی کۆنسێنسس دەتوانین تەبایی یان کۆکیی بەکاربەرین. بەلام وەک زاراوەی سیاسی مۆدێرنی کۆنسینسس بۆ رێکەوتنێکی گشتی بەکاردێت کە لە ئەنجامی گفتوگۆو لێکدانەوەو دایەلۆگ و لێکتێگەیشتن هاتبێتە ئەنجام واتە لە ئەنجامی بیرو را گۆڕینەوە بۆیە بەلای منەوە (هاوراییی) باشترین و راستەوخۆترین مانای کۆنسێنسس دەردەبڕێ. بەلام وەک وتم زمانەکەمان دەوڵەمەندەو هیچ شتێ نییە رێگر بێت کە زیاتر لە یەک زاراوە بۆ دەربڕینی هەمان ماناو مەبەست بەکاربەرین بەمەرجێ ستاندارد بکرێن و ئاژاوەسازیی نەبێت. بۆیە دەکرێ وشەکانی کۆسازیی و کۆدەنگیی یش لە پال هاوراییی بەکاربێنین.

کۆدەنگیی جیایە لە (یەکدەنگی)
Unanimity

یەکدەنگیی مانای دەنگدانی یان رازیبوونی کۆمەلێک کەسە لە سەر بابەتێک کە هەموو رێک دەکەون لە سەری و تەنانەت یەک دەنگێش جیا نییە. وەک ئەوەی پەرلەمان بە یەکدەنگیی یاسایەک قبوڵ دەکات. بەلام کۆدەنگیی و هاودەنگیی دەشێ رای زۆربە بێت بەبێ دەنگدان.

کۆدەنگیی، هاودەنگیی، هاوراییی، هاورێکیی ،هاو-تەبایی، کۆکیی، هاوکۆکیی، هاوهەستیی، هاوهەڵوێستیی، کۆخوازیی، هاوبیریی، کۆبینیی، پێکسازان، هاوسازان، پێکسازیی، هاوسازیی؛ کۆسازیی، کۆسازان.

هەموو ئەمانە وشەی رەسەن و ناداتاشراوو روون- واتای زمانەکەمانن کە دەشێت لە جیاتی تەوافوق و کۆنسێنسس بەکاریان بێنین.

پێویستی هەر میللەتێک بە ستانداردکردن ئەوەیە دەستەیەکی ئەکادیمی یەک دوو لەو وشانە وەک زاراوەی سیاسیی هەڵبژێرێت و بیخاتە فەرهەنگی زاراوەی سیاسییەوە تا نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و سیاسییەکان و پەرلەمانتەرەکان و خەڵک هەموو لە مەبەستی یەکتر تێبگەن.

(٣)

## لە وشەوە بۆ چەمک و لە چەمکەوە بۆ تیۆریی

بەلام ڕێچکەی زانستیی وشەسازیی و چەمکسازیی تەنیا وەرگرتن و ستانداردکردنی وشە نییە. ڕاستە کۆنسێنسس لە لاتینی وەرگیراوە، بەلام پرۆسەکە لێرە نەوەستاوە بەلکو تەنیا بۆتە بناغەیەک بۆ هەڵچنینی ماناو مەبەستی زیاتر، ئاوا فەرهەنگی زمان و گەنجینەی بیر لە زمان و زانستی گەلاندا دەولەمەندترو دەولەمەندتر دەبێت.

## لە نێوان هاوڕایی و سازان – دا

وەک وتم ئێستا لە هەندێ نووسین وراگەیاندندا وشەی سازان لە جیاتی تەوافوق بەکاردێت.

لە وتارێکدا کاک ئازاد جوندیانی مەبەستی خۆی و یەکێتی لە هاوڕایی ڕوونکردۆتەوەو وشەی 'سازان' بەکاردێنێت و دەنووسێت:

"یەکێتی ماوەیەکی زۆرە بۆچوونی خۆی لەوبارەیەوە ڕوونکردۆتەوەو بەردەوامیش تەئکیدی لەسەر کردۆتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو بابەتانە ڕەهەندی نیشتمانیان هەیە، بۆیە ئەبێ سازان لەبارەیانەوە وەدی بێ. چونکە یەکێتی لەگەڵ ئەوەدا نییە نێوانی لایەنە کوردستانییەکان تا ئەو ئەندازەیە ئاڵۆزو دژ بەیەك بێ کە دەرفەتی پێکەوە دیالۆگ کردن و لەیەکترگەیشتن و سازان نەمێنێ. بۆیە هەمیشە تەئکید لەسەر سازان دەکاتەوە، سازان لە نێوان هەموو لایەنەکانی کوردستان، بە تایبەت ئەو

لایەنانـــەی کـــە ڕێـــژەی نوێنەرایـــەتیان لـــە پەرلەمانـــدا کاریگـــەرە، واتـــا یەکێتی، پارتی، دوو لایەنە ئیسلامییەکەو گۆڕان."

وشەو ڕێنووسەکەی نووسەر پارێزراوە
http://www.kurdiu.org/hawal/?pageid=124692

بەلام (ســـــازان) ئەو مانـــــایە وردە ناگەیەنێـــــت کە لە نـــــاوەڕۆکی مانـــایی و زاراوەیـــی وشـــە لاتینیـــیەکە وەرگیـــراوە. 'ســـازان' زیـــاتر بە مانـــای هەلکـــردن دێـــت، لەگەل کەســـێک دەســـازێ یـــان ناســـازێ، واتە لەگەلـــی هەڵـــدەکات یـــان ناکـــات: ئەمە دوو دامێنـــی مانـــایی ســـەرەکی هەیە
١ ســـازانەکە ڕەوشـــە واتە ڕەفتـــارە وزیـــاتر ڕەوشـــێکی ســـایکۆلۆجیش دەردەبڕێ
٢ جـــۆرێ لە مانـــای ناچـــاریی و نـــابەدڵیی تێـــدایە: هەوڵ دە لەگەڵـــی بسازێیت، واتە لەگەلی هەڵکەو زۆر خۆت نارەحەت مەکە
٣ ســـازان مانـــای ڕازیبـــوونی کەســـیی وەک قەنـــاعەت دەرنـــابڕێ کە کۆرکی مانای هاوهەستیی یە.
٤. وشـــەکە مانـــا کـــۆمەلییەکەی: هـــاوڕایی لە نێـــوان کۆمەلێـــک کەســـدا ڕوون ناکـــاتەوە. ســـازان دەشـــێ تەنیـــا لە نێـــوان دووکەســـدا بێـــت، بەلام کۆڕایی هەمیشە مانای کۆ لە خۆ دەگرێ،
بـــۆ چارەســـەریی ئەم نوقســـانییە نـــاوکیی و مانـــایی یـــانە دەکـــرێ: کۆســـازیی، کۆســـازان، هاوســـازیی، یـــان پێکســـازیی بەکاربێت.
مـــن بـــۆ ســـەرەدمییکردن و زیـــاتر دیمـــۆکراتیکردنی پرۆســـەکە (هـــاوڕایی) م پـــێ باشـــترە چـــونکە (کۆنسێنســـس) بە مانـــای هـــاوڕایی لە ئەنجـــامی هاوهەســـتیی و تێگەیشـــتنی عەقلیـــی وڕۆشـــنبیریی یەوە دێـــت و لە ســـەر بنچیـــنەی ئەم مانـــایەش لێکـــدانەوەی فەلســـەفیی و تیـــۆریی بـــۆ کـــراوە. هـــاوڕایی هەم مانـــای بەشـــداری ڕای تـــاک و هەم کۆبـــوونەوەی ئەو ڕایـــانە لە ســـەر بابەتەکـــان دەردەبڕێـــت. واتە لەم وشـــەیەدا [ بـــکەرو پرۆســـەی بەشـــداریی و ئاکـــام] حســـێبیان بـــۆ کـــراوە. ئەگینـــا پێکســـازی و کۆســـازیی و کۆســـازانیش و زۆربەی زاراوەکـــانی دیکەش مانای سروشتی و ستراکتووری وشەکە دەردەبڕن.

## هاوڕایی چییە؟

کەوایە باپچینە سەر مانا زاراوەیی یە سیاسییەکەی و بپرسین: هاوڕایی چییە؟ بۆچی ئێستا لە گوتاری سیاسیی کوردییدا بۆتە کرۆکی ناکۆکیی لە کاتێکدا وشەکە خۆی مانای کۆکیی وکۆدەنگیی و تەبایی دەگەیەنێت؟

ئەمە پەرەدۆکسی یان بیراوەژووی [بیری بەراوەژووی] عەقڵی دەسەلاتی کوردییە هەر شتێ دەستی بداتێ هەڵیدەگێڕێتەوەو قڵپی دەکاتەوە.: لە سەر کۆکیی ناکۆکە، لە سەر تەبایی ناتەبایە، لە سەر هاوڕایی جیاواز زۆر ڕایە. ئەمەش جێی سەرسوڕمان نییە بۆ دەسەلاتێک کە نایەوێت تەنانەت لە مانای وشەش تێبگات. ئاخر هیچ شتێ بە زانستیی و لۆجیکیی نایەتە بەکاربردن گەر پێناسەکەی نەزانین، پرینسیپەکانیش هەمیشە بەشێکی جەوهەری پێناسەن.

بۆ ئەوەی کۆڕایی وەک چەمکی سیاسی زانستیی بزانین دەبێ پرینسیپەکان و چمکێک لە مێژووەکەشی بزانین.

## لە پێکسازی سروشتییەوە بۆ هاوڕایی سیاسیی

بە پێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد یەکەم بەکارهێنانی تۆمارکراوی وشەی کۆنسێنسس لە زمانی لاتینیدا لەساڵی ١٥٥٦ دا وەک زاراوەیەکی بایۆلۆجیی بە مانای پێکەوەگونجانی هاوهەستیی یان پێکسازیی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئەرکێکی دیاریکراو بەکارهاتووە.

corporis humani partium De consensus

واتە: پێکسازیی بەشەکانی جەستەی مرۆڤ

لەمەوە بۆ هاوکۆیی و پێکسازیی بەشەکانی هەر کۆبەندێک.

لە ١٨٥٤ دا وەک 'پێکسازیی هێزەکانی گەردوون' بەکارهاتووە.

forces universal of consensus Vast

کۆسازییەکی مەزنی هێزەکانی گەردوون

لە ١٨٦١ دا وەک کۆسازیی بەشەکانی کۆبەندی شارستانیی نەتەوەیەک
بەکارهاتووە:

s civilization'Consensus of different parts of a nation

له ١٨٧٠ دا له سایکۆلۆجییدا به مانای پێکسازیی ئەرکەکانی کۆمەڵە ئەندامێکی پێکەوە-بەند بەکارهاتووە:

A mutually-dependent set of organs having a consensus of functions

له ساڵی ١٨٦١ دا به مانای ڕێکەوتن و هاوڕایی بەکارهاتووە:

Consensus of the Protestant emissaries

هاوڕایی پەیامبەرە پرۆتستانتەکان

له دوای شەری جیهانی دووەمەوە له بەریتانیا ، وەک دوایی باسی دەکەم، پرۆسەو مودێل و تیۆریی [سیاسەتی هاوڕایی]

Consensus politics

هاتە ئاراوەو بوو به مۆدیلێکی سیاسیی کاریگەر و جێی خۆی له تیۆریی سیاسیی سەردەمدا گرت.

رەگی وشەکە له لاتینیی-هیندۆ ئەوروپاییدا به مانای هاوهەستیی و پێکسازیی سروشتیی بۆ لیکدانەوەی پێکهاتەو ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤیش گرنگە: هەندێ شت هەن تەنانەت پێویست به بیرکردنەوەش ناکات، به هەستکردنی ئینسانیی و کۆ-ژیریی (کۆمن سێنس) سروشتی دەزانین که ئەمانە راستن یان هەڵە، باشن یان خراپ. ئێمە بۆیە وەک مرۆڤ دەتوانین پێکەوە له کۆمەل و شار [پۆلیتی – یان یەکەی سیاسی] دا بژین چونکه ئەو هەستە سەرەتایی و زگماکییەمان دەربارەی چاک و خراپ، به سوودو زیانبەخش، جوان و ناشیرین، هەق و ناهەق، داو بێدادیی هەیە. ئەوە وامان لیدەکا بتوانین به ئاشتیی و کۆخوازیی پێکەوە بژین. ئەم بیرە هەستییە کۆ-ژیرییە کۆخوازییە سەرەتاییانەن که بنەمای پێکسازیی یان کۆکیی هەر گروپێک پێکدێنن.

بەلام خەبات بۆ مانەوەو پەرەسەندنی کۆمەڵ و ئالۆزبوونی پێوەندییەکانی ئابووریی و سیاسیی و ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان و غەریزەی ملکدارێتی و تەماعی بێبنی مرۆڤ و دیاردەی دەوڵەت و جیهانیبوون شتەکانیان وا به سادەیی نەهێشتۆتەوە، گەر پێکسازیی وهاوڕایی و هاوهەڵوێستیی سروشتی هەبن دەبێ له یاساو رێساو پەیمانی کۆمەلایەتی دیمۆکراتیدا دا بەرجەستە

بکــــرێن بە تـــایبەتی لە دەســـتووردا کە لـــوتکەی هــــاورایی و کـــۆژیریی وعەقلانییەت  و ئیرادەی هاوبەشی کۆمەل و گەلێک پێکدێنێت.

(٤)

## فەلسەفەی کۆکیی (هاوڕایی) و ناکۆکیی

وەک چـــــۆن چەمکەکـــــانی کــــۆرایی و نــــاکۆکی (کۆنفلیکـــــت، کۆفلیقانــــــدنەوە) بەرامــــــبەر یەک دەکـــــرێنەوە، دوو تیــــــۆریی کۆمەڵایەتیش لە سەر ئەم دوو چەمکە هەڵچنراون:

١تیــۆریی نــاکۆکیی کە بەشــێوەی تیــۆریی دوایــی مــارکس گەڵاڵەی کــرد لە ســـەر ئەوە دامەزراوە کە نـــاکۆکی بەرژەوەنـــدییە ئابوورییەکـــان و نـــاکۆکی لە نێـــوان ژێرخـــانی پێوەنـــدییەکانی بەرهەمهێنـــان و چینـــی ســـەرمایەدارو کرێکـــاردا هەمێشـــە نـــاکۆکیی چینـــایەتی دروســـت دەکـــا کە بە بـــێ بەربەرەکـــانی و خەبـــات و کۆتاییپێهێنـــانی تونـــدوتیژ و شۆڕشگێڕانە نەبێت کۆتایی نایەت
.
٢. تیـــۆریی پێکســـازیی  و کـــۆکیی لە ســـەر ئەو بنەمـــا عەقڵیـــیە دامەزراوە کە مرۆڤـــان دەتـــوانن بە بەکارهێنـــانی عەقـــڵ و هەســـت وکـــۆژیریی پێکەوەبـــژین و کۆبەنـــدیی  کـــۆمەلایەتیی و سیاســـیی لە ســـەر بنەمـــای هـــاورایی لە ســـەر زۆربەی پرســـە هاوبەشـــەکان دابمەزرێـــنن. مـــادام باســـەکەم لەســـەر هـــاورایی یە دیـــارە دەبـــێ زیـــاتر لەم تێۆرییەیان بدوێم.

## بۆچوونی هاورایی/کۆکیی/پێکسازیی

مـــــودێلی کـــــۆکیی لە ســـــەر ئەو بـــــاوەرە دامەزراوە کە زۆربەی ئەنـــدامانی کـــۆمەڵ دەتـــوانن چـــاک و خـــراپ و ســـوودبەخش و زیـــانبەخش لێـــک جیـــا بـــکەنەوەو دامەزراوەکـــانی کـــۆمەڵ: خێـــزان، گەڕەک، مـــزگەوت، کەنیســـە، قوتابخـــانە، دوکـــان و بـــازار، دامەزراوەکـــان و ئاژانســـەکانی دەولەت، هتـــد پـــێکەوە بـــۆ چـــاکەی کۆمەڵ و بەرژەوەندیی گشتیی کار دەکەن.

بەپێی لێکدانەوە شیکارییەکانی رایمۆند میخالۆوسکی بۆچوونی هاوڕایی لە سەر چەند بنەمایەکی تیۆریی دامەزراوە:

١. باوەڕبوون بەوەی هەر کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک بەهای بنەرەتیی هەیە دەربارەی چاکەو خراپەو راستیی و درۆو پێوەندیی ساغ و ویژدانیی و مرۆڤانە لە گەڵ یەکتردا کە هەموو دەمێ ئەو بەهایانە لە کاردان و ساغیی و سەلامەتی کۆمەل و هاولاتییان دەپارێزن.
٢. ئەو ئاساو نەریت و یاسایانەی لە کۆمەڵدا هەن ئیرادەی بە کۆمەڵی خەلک دەردەبڕن. یاسا، وەک ئەنجامی هاورایی و کۆکیی کۆمەلایەتی سەیری دەکرێ کە لە رێگای کاری یاسادانانەوە لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە ئەنجام دەدرێت و نوێنەری ویژدانی بەکۆمەلیی خەلکە.
٣. ئەو گریمانەی کە هەموو کەس یەکسانن بەرامبەر یاساو قانوون هەموو کەس وەک یەک سەیر دەکات. لە روانگەی مودێلی سیاسەتی کۆرایی یەوە یاسا نەک تەنیا هاودیدێک دەربارەی داپەروەریی دەنوێنێت بەلکو یاسا خۆشی لە جێبەجێکردنیدا رەواو داپەروەرانەیە.
٤. کەوایە ئەوانەی لە عەقڵ، یاسا، هاودیدی گشتی بۆچوونیی هاورایی لادەدەن دەبێ کەسانێکی ناسازو نەساغی عەقلیی بن و لە رووی دەروونییەوە ناتەواو بن یان نوقسانی کۆمەلایەتی تریان هەبێت کە نەتوانن بەشداری کۆکیی و هاودەنگیی لە سەر بەهاو رەوشتە کۆمەلییەکان بکەن.

وەک دەبینین ئەمە لێکدانەوەیەکی کۆنەپارێزیی و کۆنەپەرستیی کۆزانی کۆرایی و هاودەنگیی و پێکسازیی یە. لیرەدا:

عەقڵ = بەهای کۆمەلایەتی
بەهای کۆمەلایەتی = بەرژەوەندی گشتی
بەرژەوەندی گشتی = یاساو رێسای باوی کۆمەڵ، مزگەوت، حکومەت
یاساو رێسای باو = کۆبەند یان سیستمی سیاسیی دەسەلات

دژایەتی سیتسەمی سیاسیی = دەرچوون لە کۆرایی، لادان لە بەهاکان و عەقڵ = نەخۆشی دەروونیی و نوقسانی کۆمەلایەتی = هەڕەشە لە سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی

وەک دەبینین ئەم بۆچوون و مۆدێلەی کۆسازیی و کۆرایی و کۆکیی یە گەرچی گوایە لە سەر بنەماکانی عەقڵ و یاسا و یەکسانی بەرامبەر یاسا دامەزراوە هێشتا تیورییەکی کۆنەپەرستی دەسەلاتخوازیی یە کە لە شیکردنەوەی دواییدا پاکانە بۆ سسیتمی ستەمگەریی و لەناوبردنی جیاوازیی و جیابوونەوە دەکات.

لە سەر ئەو گریمانە دامەزراوە کە کۆمەل یەکەیەکی عەقڵیی جیانەکراوەیەو بۆچوونی وەکیەکیی دەربارەی چاک و خراپ و هەق و ناهەق هەیە و ئەم بیرۆکانە دامێنی جیاوازیی کەسیی و چینایەتیی و سیاسییان نییە.

لە شیکردنەوەی دواییدا عەقلی دەسەلاتەو یان خودی دەسەلاتەو نوێنەرو بەرجەستەکەری سیستمەکەیەتی. ئەوانەش کە لە دەرەوەی سیستم دەوەستن یان تەحەدداو بەرهەڵستی دەسەلات دەکەن پەراوێز دەکرێن یان نەفی دەکرێنە دەرەوەی یاسای عەقڵەوەو بە شێت و نوقسان و لادەرو ئاژاوەچیی و تێکدەرو هەڕەشەو مەترسیی لە سەر بەرژەوەندی گشتی وئاشتی کۆمەلایەتی دادەندرێن.

## کۆرایی تیۆریی سیاسیی پاراستنی ستاتسکۆ واتە بارییباوە

تیۆری هاورایی تیۆرییەکی کۆمەلایەتییە لە سەر ئەو باوەڕە دامەزراوە کە ئەو سیستمە سیاسیی و ئابوورییەی لە ئارادایە سسیتمێکی دادخوازەو هەر گۆڕانێکی کۆمەلایەتی خواستراو دەبێ لە ناو چوارچێوەی دامەزراوەو دەزگاکانی ئەو سیستمە روو بدات و لە دەرەوەی ئەواندا کاری لەسەر نەکرێت. بەم جۆرە تیۆری هاورایی کۆخوازیی بە توندی دژی تیۆریی ناکۆکی و بەربەرەکانی بەرژەوەندییەکانە یە کە باوەڕی وایە کۆمەڵ تەنیا لە رێگای چەوساندنەوە خراپبەکارهێنانی تاک و جیاوازی چینایەتی و

دەسەڵاتی ستەمگەرییەوە کار دەکات و گۆڕینی کۆمەڵایەتی تەنیا لە ڕێگای خەبات و بەربەرەکانییەوە بەدی دێت.

تیۆریی هاوسازان/هاوڕایی مەبەستێتی باریباو (ستاسکۆ) واتە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی هەیەو ئەو بەرژەوەندییانەی بەرجەستەیان دەکات، وەک خۆی بمێنێتەوەو پارێزگاریان بکات.
زۆرترین شت کە ئەو تیۆرییە بەدەستییەوە بدات لەهەندێ گۆڕینی رتووشی بەناوی چاکسازییەوە زیاتر نییە. ئەم چاکسازییەش لە مەرحەمەتی دەسەڵات خۆیەوە دێت بە هۆی بەکارهێنانی یاساوە بۆ ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی.

تیۆریی هاوڕایی و پێکسازیی دەیەوێت پلورالیزم و فرەدەنگیی و فرەڕەنگیی و فرەبەرژەوەندیی و فرەحیزبیی دیمۆکراسیی بسڕێتەوەو لە قالبێکدا بیانمەیەنێت کە دەسەڵات ئەندازیارو سەرکارییەتی.

بەشی داهاتوو : کۆڕایی و پلورالیزم